کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:44 25-4-2007

## لە یادی شاڵاوەکانی ئەنفالی ناوچەکەمان ... هیوا سەید سەلیم

شاڵاوی ئەنفال گەورەترین پرۆسەی سەربازی رژێمی داگیرکەری بەعس بوو کە لە ماوەی حەوت مانگدا کرایە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان پرۆسەکە لە18 /2/ 1988 لە دۆڵی جافەتی دەستی پێکردو لە1988/9/6 لە ناوچەی بادینان کۆتایی پێهات، لەم پرۆسە سەربازیەدا دوژمن جۆرەها چەکی سووك و قورسی بەکارهێنا بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیاویشەوە، لە ئاکامدا وێرای کاولکردن و سوتاندنی سەدان گوندو و راگواستنی هەزاران لە دانیشتوانی سقیلی کوردستان مەزەندە دەکرێت کە زیانی گیانی پرۆسەکە بە (182) هەزار قوربانیە، راگواستنی هەزاران لە هاوڵاتی گوندنیشینی کوردستان بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان و دواتر هاوێرکردنی ژن و منداڵ و پیاو لەیەکتری و شوێن بزرکردنیان لە گۆرە بە کۆمەڵەکان و بە دیاری بردنی کچانی کورد وەك کەنیزە بۆ وەڵاتە بە ناو موسلمانە عەرەبیەکان دەرەنچامی شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال بوون.

پرۆسەی ئەنفال کارەساتێکی گەورە بوو کە سەدام ورژێمەکەی بە سەر گەلەکەمانیان هێنا ئێستاش دوای لە سێدارەدانی بەشێکی ئەو تاوانبارانە و دادگایکردنی بەرپرسانی راستەوخۆیی ئەوتاوانە بە تۆمەتی ئەنفال بە تایبەت تاوانباری سەرەکی و تینوی خوێنی میللەتەکەمان (عەلی کیمیاوی) زۆر بێشەرمانە لە بەردەم دادگا شانازی دەکەن بە کردەوە چەپەڵەکەیان وەك چۆن بینیمان (عەلی کیمیاوی) لە بەردەم داداگادا دەڵێت (پەشیمان نیم لەوەی کە کردم ئەگەر دەرفەتێکی ترم بۆ برەخسێت هەمان شت دووبارە دەکەمەوە) یان سولتان هاشمی تاوانبار دەڵێت (ئەنفال پرۆسەیەکی سەربازی سنورداربوو بەرامبەر بە چەند شوێنێکی دیاریکراو) بەڵی بە لای سەرانی رژێم کاولکردنی بەشی هەرەزۆری کوردستان پرۆسەیەکی سنوردارە چونکە ئەوان لە بەرنامەیاندا بووە کە تەواوەی خاکی کوردستان خاپور بکەن و خەڵکەکەی لە سەر زێدی بابو باپیرانی رابگوازن بەڵام فریای هەمووی نەکەوتن ئەوتانی بەرابمەر بەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە پەتی سێدارە لە چاوەروانینە.

دەربارەی پرۆسەی ئەنفال زۆر شت نووسراوە و گوتراوە بەڵگەنامەی زۆر لە بەر دەستدایە بە قسەی ڤیدیۆی تاوانبارانیشەوە، ، بەڵام ئەوەی بابەتی نووسینەکەی منە تایبەتە بە ئەنفالی دەڤەری رواندزو خۆشناوەتی وباڵەك کە کەمترین شتی دەربارە نووسراوە کە بە ئەنفالی (7، 6، 5) ناسراوە بۆیە من لەم نووسینەمدا بە گوێرەی ئەو بەڵگنامانەی تایبەتن بە و قۆناغەی ئەنفال هەوڵمداوە تیشك بخەمە سەر هەندی لایەنی ئەنفالی ناوچەکەمان.

ئاشکرایە کە ئەم سی قۆناغەی ئەنفال لە بەرواری 1988/5/15دەستیپێکرد بە سەرپەرشتی راستەوخۆی (حوسێن رەشید تکریتی) کە ئێستا لە دادگایی ئەنفال دادگای دەکرێت و بە بەشداری کاریگەری (عەمید روکن یونس محەمەدالزرب) قائیدی فەیلەقی (5) کە هێزەکانی ئەوفەیلەقە پێکهاتبوون لە (5) فرقەی پیادەی کە بریتی بوون لە.

- فرقەی پیادەی 7 ناسراو بە قوات المنسور
- فرقەی پیادەی 16 ناسراو بە قوات ژوالفقار
- فرقەی پیادەی 4 ناسراو بە قوات القعقاع
- فرقەی پیادەی 1 ناسراو بە قوات ابوعبید
- چەند یەکەیەکی سەربازی سەر بە فەیلەقی 1
- هەندەسەی عەسکەری و هێزی ئاسمانی و سنفی کیمیاوی و ئیستخباراتی عەسکەریوچەند یەکەیەکی (عتاد خاێ) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکەم پەلاماری ئەم شالاوە بە پەلامارێکی دوو فرۆکەی چەنگی بۆسەر گوندی (وەری) دەستی پێکرد لەکاتێکدا کە خەڵکی ئەو گوندە لە بەرەبەیانی رۆژی 1988/5/15 خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆمەراسیمی چەژن لەلایەن ئەو دووفرۆکەیە ژەهرباران کران بە چەکی کیمیاوی، بە قسەی شایەدێك کە لە دادگای تاوانبارانی ئەنفال شایەدی دا قوربانیانی ئەو شالاوە بریتی بوون لە (37) شەهید کە لە بەرەبەیانیەکی زوو لە گۆرێکی بەکۆمەڵ نێژران لە ترسی دووبارە بوونەوەی بۆردومانەکە لەلایەن دوژمنەوە.

رۆژی 1988/5/23 جارێکی تر لەلایەن فرۆکەکانی دوژمن هەریەك لە گوندەکان (بالیسان و هیران ومەلەکان) کیمیاباران کران بۆردومانەکە بەشێوەیەك بوو کاریگەری زۆری بۆ دێهاتەکانی دەوروبەریش هەبوو بە تایبەت بۆ گوندی شێخ وەسانان، دوای چەند بارە کردنەوەی بۆردومانی فرۆکەکان بۆ گوندەکانی ناوچەکە بەتایبەت بۆ دۆلی مەلەکان وبلە و دۆڵی ئاکۆیان، رۆژی 1988/5/24 رژێم هێرشی پیادەی لە چوارچێوەی ئەنفالی (5و6و7) دەستپێکرد ئەو ناوچانەی بوونە ئامانجی پەلامارەکە بریتی بوون لە (رەزگە، قەڵاتوکان، شاخی ئارمووشە، سپیلکی رواندز، بنەکاول، چیای هەندرێن، زینیسەران، چیای کێل کێل، دۆڵی ئاکۆیان، دەرگەلە، سەروچاوە، وەرتی، شاخی هەڵەموند، گەرووەنجەڵ، چیای بێترخێن، کەپکی حەمەدئاغا، زیارەت، بەنی هەریر، گوندی فەقیان، گوندی گەرەوان)

شاینی باسە بەهۆی بەرەنگاری قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە لە سەرجەم ناوچەکان رژێم تا 1988/8/30رووبەرووی بەرنگاریەکی بێوێنە بووەوە، تا رۆژی 1988/8/31 هێزەکانی رژێم چیای کونە کۆتریان گرت هێزی پێشمەرگە ناچار کرا لە ناوچەکە پاشەکشە بکات وخەڵکی سڤیلیش ئەوەی بۆی کرا بەرەو سنووری ئێران خۆی دەرباز بکات ئەوەی تریش لە ناوچەکانی سەرکەپکان ورانیە خۆیان تەسلیم بە هێزەکانی رژێم بکەن وبەشێکیشیان لە ناوچەی ئالانەو خەلیفان بەرەو سەربازگەی سپیلك راوگوێزران و دواتر بەرەو ئەمنی هەولێر گواسترانەوە تا ئێستاش چارەنووسی چەندین خێزانیان نادیارە.

لایەنێکی شاراوەی ئەنفالی ناوچەکە بریتیە لەو هەڵمەتە گەورەیەی هێزەکانی رڕێم کە لە بەربەیانی رۆژی 1988/6/15کردیە سەر شاری رۆاندز، ئاشکرایە کە رژێم ماوەیەك بوو دوای ئەو راپەرینە مێژوویەی 1987/5/19 خەڵکی تێکۆشەری شاری رواندز لە دەرفەتێك دەگەرا کە تۆڵەی ئەو راپەرینە مێژوویە لە دانیشتووانی ناوچەکە بکاتەوە کە ماوەیەك بوو هیچ دەسەلاتی لەم شارە نەما بوو، بۆیە لە بەرەبەیانی ئەو رۆژەو بە بەشداری هێزێکی زۆری سەربازی وچەندین تانك و بەشداری هێزەکانی ئەمن و جەیشی ناشەعبی و جاش و بەکرێگیراوانی رژێم لە ناوچەکە، دەورەی ئەو شارەیان داو لە هەڵمەتێکی رەشبگیری بە دەیان هاوڵاتی گەنج و پیر و ئافرەتی ئەو شارەیان راپێچی دائیرەی ئەمن و منەزەمەی بەعس کرد، دواتر نزیکەی سەد کەس لە گیراوەکان رەوانەی ئەمنی سدیق دەکرێن و ئینجا دەگواسترێنەوە بۆ ئەمنی هەولێر، بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەر دەستدان هەر لە دوو هەفتەی یەکەم ژمارەێکیان لە سێدارە دەدرێن و ژمارەێکیشیان دوای سالێك لە ئەشکەنجەدانی زۆری جەسەدی بەر لێبوردنی گشتی دەکەون و ئازاددەکرێن، لە کۆی ژمارەی دەستگیرکراوەکان (13) هاوڵاتی شاری رواندز بە بریاری بەرێوەبەری ئەمنی هەولێر بە تاوانی پێشمەرگە لەسێدارە دەدرێن.

چ بۆ ناساندنی ئەنفالی ناوچەکە؟

دوای دامەزراندنی دادگای تایبەت بە ئەنفالەکان و هاتنی ناوی ئەنفالی رواندز لە لائیحەی داواکاری گشتی بە دەست پێشخەری ژمارەیەك لە کەس وکاری شەهیدان لە رواندزپێشنیاری دامەزراندنی دەستەێك بۆ داکۆیکیکردن لە کەسوکاری ئەنفالکراوان خرایە بەردەم لایەنە سیاسەکان و هەندی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕۆشەنبیری ناوچەکە وێرای هەندی ئاستەنگ ورەئی سلبی رۆشەنبیرانی سەر بە دەسەڵات دەستەکە لە 2006/8/24 راگەێنرا، لە یەکەم کاری خۆیدا (دەستەی داکۆکیکردن لەکەسوکاری ئەنفالکراوانی رواندز) توانی سکالای کەسوکاری ئەنفالکراوانی رواندز بگەێنێتە دادگای باڵای تاوانەکانی تایبەت بە ئەنفال و کۆکردنەوەی چەندین بەڵگەنامە کە لە خزمەتی باشی دۆسیەی ئەنفال و کێسی لە سێدارەدانی ئەو پۆلە شەهیدەی رواندزن، دواتریش هەر بە هەوڵی بەردەوامی ئەو دەستەیە توانرا گۆری ئەو شەهیدانە بدۆزرێتەوە کە تا ئەو کات هیچ یەك لە کەس وکاری ئەو شەهیدانە زانیاری ئەوتۆیَان لە سەر نەبووە، ئەمرۆش کە یادی (16) ساڵەی شاڵاوەکانی ئەنفالە با هەموولایەکمان کار بکەین بۆ ئەوەی شاڵاوی ئەنفال بچێتە چوارچێوەی جینۆسایدو سەرجەم تاوانبارانی ئەوتاوانە بە سزای خۆیان بگەن و حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی رەسمی داوای لێبۆردن لە گەلەکەمان بکات و قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ئەنفال بکاتەوە، حکومەتی هەرێمیش ئاوری جددی لە پاشماوەکانی ئەنفال بداتەوە و دەستی ئاوەدانکلردنەوە بۆ ئەو ناوچانە درێژ بکات کە بە هۆی شالاوەکانی ئەنفال زیانی پێکەوتووە، هەروەها پێویستە ئەوانەی لە ناوخۆی کوردستان دەستیان هەبووە لەو تاوانە لە رێگەی دادگاکانی کوردستان سزا بدرێن نەك لە سەر حیسابی خەڵکی ئەنفالکراو پۆست و بەرپرسیارەتی وەرگرن کە رۆژانە دەبنە مایەی ئەشکەنجەدانی گیانی کەس و کاری شەهیدان وقوربانیانی ئەنفال.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.